دیسانەوە سۆرانی مامە حەمە، ئەسعەد جەباری بۆ وادەکات؟

حەمە کاکەڕەش

لە ژمـارە ٤٩٤٣ رۆژنامەی کوردستانی نوێ داوتارێکی کاك ئەسعەد جەباریم خوێندەوە، کە بەحسابوەڵامی‌وتارێکی کاك ڕێبین هەردی داوەتەوە، بەناوی (لەنێوان عەسابەکانی شەوو قوربانییەکانیدا، پێکەوە ژیان نییە لە ژمارە ٥٢٣ رۆژنامەی‌رۆژنامەدابڵاویکردووەتەوە. من لە زۆر نووسینی تـردا قسەم لەسەر ئەوە کردووە، ئەم کادیرانەی حیزب بەشێوەیەك پەروەردەکراون کە ناتوانن، یان نایانەوێت حەقیقەتێك جوانییەك دەنگێك ببینو ببیستن، کە لـــەدەرەوەی بینینو بیستنی حیزبەوەبێت. بەردەوام بە ئاڕاستەیەك قسەدەکەن، بۆ چرکەیەك ئەو هێڵە سوورەیان لە بیرناچێت کە حیزب بۆی کێشاون، بە هەناسەیەك قسەدەکەن حیزبو ئاغاکانی حیزب لە سەروی نەتەوەوە دەبینن. لێرەدا نامەوێت هیچ قسەیەك دەربارەی تەواوی وتارەکەی ئەسعەد جەباری بکەم، کە وەڵامی ڕێبین هەردی داوەتەوە، چونکە ڕێبین هەردی لەوتارەکەیدا کە وەڵامێك بوو بۆ ئەسعەد جەباری، دەیان پرسیاری گرنگی لە ئەسعەد جەباری کردووەو تا ئەسعەد جەباری بتوانێت دوور لە تێڕوانینی حیزب پەرستی، وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. ڕێبین هەردی هـەر ئەوەیشی کـردووەتـە خاڵی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەسعەد جەباری دا .. بەڵام بەداخەوە ئەسعەد جەباری لە بێ وەڵامیدا خۆی لە پرسیارەکان دزیوەتەوەو، شەڵم کوێرم دەستی کردووە بە فڕێدانی کۆمەڵێك قسەی هەڵیتو پەڵیت. لە هەمووی سەیرو سەمەرەتر لەوتارەکەیدا نووسیویەتی : هەر ئەو شەوەی (سۆرانی مامە حەمە) شەهید کرا، هەر لە شاری کـەرکـوك هـاوکـات‌و هـاوزەمـان خزمێکی ترمان بەناوی (موقەدەمی پۆلیس خەبات مامە غەریب) شەهید کراو خانەوادەو خزمانو عەشیرەت پەرشو بلاّو بووین، نەماندەزانی بۆ کام کۆستیان بڕۆین.. ئەوە بۆ چی کەسێك نەهات‌و پێمان بڵێت ئەرێ ناسنامەی ئێوە تەنها کوردبوونتانە وەها لەپەك سەعات‌و لەیەك شەودا، دوو ڕۆلـەی قارەمانتانان شەهید دەکرێن.

دەبینن ئەسعەد جەباری بە دەستی ئەنقەست دەیەوێت بۆ خاتری ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی هەردوو بنەماڵە تیرۆرکردنی (سۆرانی مامە حەمە) دەبەستێتەوە بە شەهیدکردنی (موقەدەم خەبات سەید غەریب) بۆیە باسی ئـەوە دەکـات کە هەر ئەو شەوەی (سۆرانی مامە حەمە) شەهید کرا هەر لە شاری کەرکوك هاوکات‌و هاوزەمان خزمێکی ترمان بەناوی (موقەدەمی پۆلیس خەبات مامە غەریب) شەهید کرا. دەیەوێت بڵێت : ئـەوە دەســەڵات نییە کە سۆرانی مامەحەمەی تیرۆرکردووە، ئەوە هەر ئەو دەستەیە کە خەبات مام سەید غەریبی شەهید کردووە. سەیرکەن ئەسعەد جەباری ئەم تاوانە بەوە پەردەپۆشدەکات، کە ئەوشەوەی سۆرانی مامە حەمە تیرۆرکراوە، موقەدەمێکی پۆلیسی دەسەڵاتیش شەهید کـراوە. دەوێـت بڵێت هەر هەمان دەست کە خەبات مام سەید غەریبی شەهید کـردووە سۆرانی مامە حەمەیشی تیرۆرکردووە، ئەمە پینەکردنێکی لاوازە بۆ بێ تاوانی دەســەڵات، چونکە تۆ ناتوانیت لە بەرئەوەی کە لە هەمان شارو کات‌و شـەودا موقەدەمێکی پۆلیسیش شەهید کراوە ئەوە بە ئێمە بڵێیت : ئەوەتا نەك هەر سۆرانی مامە حەمە موقەدەمێکی پۆلیش هەمان شەو لە هەمان کاتدا شەهید کرا. نا کاك ئەسعە بەم چاووڕاوە ناتوانیت پەڵەی تاوانباری لە ناوچەوانی بکۆژانی سۆرانی مامە بسڕیتەوە، دڵنیام تۆو هەموو خەڵکی دەزانـن ئەوە عەسابەکانی حیزبێکی کوردی بوو، سۆرانی مامە حەمەیان شەهیدکرد نەك ئەو تیرۆرستانەی کە خەباتی مام سەید غەریبیان شەهیدکرد. کاك ئەسعەد جەباری بێزاری خۆی لەوە دەربڕیوە کە کاك ڕێبین هەردی بۆ باس لە تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حـەمـەدەکـات، مادامێك لە پرسەکەیدا ئامادەنەبووەو لە عەشیرەتو خزمانیش نییە. ئەم قسەیە جێگای پێکەنینە، باشە لەم پەڕ بۆ ئەوپەڕی دونیا زۆر کەس بۆ مەرگی کەسانێك دەگرین، کە نەك هەر لە یەك عەشیرەت نین، بەڵکو یەکتریش ناناسن. ئیتر بۆ دەبێت کاك ئەسعەد خەمخۆری کەسانی تری پێناخۆشبێت، یان ئەم شیوەنەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبەکەی هاوبەشی ئەو حیزبەیە کە سۆرانی مامە حەمەی شەهیدکردووە. لە کۆتایدا ئەوە دەڵێم : کاك خەبات کوڕی مام سەید غەریبی گوندی گۆرانە، کە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرن لـە شـاری کـەرکـوك بـە پیلانی تیرۆریستان شەهید کرا، سۆرانی مامە حەمەیش کوڕی بنەماڵەیەکی کورد پەروەردە، بەدەستی لایەنێکی کوردی لە کەرکوك شەهید کرا. ڕاستە ئەم دووڕۆڵە قارەمانە هەردووکیان شەهیدن بەڵام جیاوازی هەیە لەوەی کە چۆن و بەکام دەست شەهیدکران.



بۆچی یەکێتی سلێمانی لەدەستدا؟!

هادی ئەمین

دوای هەڵبژاردنی ٢٧ی تەموز چەند بابەتێك بووتە جێگەی سەرنجی میدیا و ناوەندە جیاجیاکان، لەوانەش ڕێژەی کورسییەکانی لیستی گۆڕان و خاوبوونەوەی شەمەندەفەرەکەی یەکێتی لەبنکە سەرەکییەکەی خۆیدا.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەریانخست، سلێمانی کە هەرێمی کاری یەکێتییە لەدەست یەکێتی دەرچـووەو، چووتە دەست لیستی گۆڕان، لە پەرلەمانیش لیستی گۆڕان ٢٥ کورسی بەدەستهێناوە، لیستی کوردستانیش ٥٩ کورسی، ئەمە لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا پارتی‌و یەکێتی یەکی ٣٩ کورسی پەرلەمانیان هەبووە. واتە لە پەرلەمانی ئەمجارەدا جیاوازی نێوان لیستی گۆڕان و هەر یەك لە پارتی‌و یەکێتی تەنها چوار کورسییە!؟ ئەو لیستی گۆڕانەی کە تەنها سێ مانگ خەڵکی ناشناببووە پێی!

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سلێمانی لە شاری یەکێتییەوە بووەتە شاری گۆڕان، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیەو دەکرێت خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەو شکستە بکرێت‌و پەندی لێوەربگیرێت.

بـــەڕای مـــن هـــۆکـــاری ئەو لەدەستدانەی یەکێتی لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- یەکێتی لـە سلێمانی زیاتر بەڵێنی هەیە وەك لە کردار، سەرکردەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنە جیاجیاکاندا، بەڵێنیکی زۆر بە خەڵکی دەدەن، بەڵام پاشان هیچی لێ سەوزناکەن.

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بەڵێنیاندا بە خەڵکی دانیشتوانی شوقەکانی قالاوە کە زەوی‌و پێشینەی خانویان پێبدرێت، لە بانگەشەی هەڵبژاردنی تەموزی ٢٠٠٩شدا هەمان بەڵێنیان دایەوە بە خەڵکی ئەو شوقانە!

هاوڵاتییەکی دانیشتوانی ئەو شوقانە بۆی باسکردم کە عیماد ئەحمەد ـ جێگری سەرۆکی حکومەت، کۆبوونەوەی پێ کردوون و بەڵێنیداوە پێیان کە زەوی‌و پێشینەی خانویان پێببات، منیش لەو برادەرەم پرسی جا باوەڕاتان بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە هەیە؟ ئەو وتی: نەوەڵا بەهیچ جۆرێك باوەڕمان پێی نییە، ئەوان ئێمە بە چی دەزانن، لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥یشدا هەمان بەڵێنیان پێدابن!

بۆ ڕۆژێك دوای ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵ ئەو هاوڵاتییەدا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) م کڕی، سەیرمکرد لە مانشێتی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە، جـێـگـری ســەرۆکـی حکومەت بەڵێنیداوە بە دانیشتوانی شوقەکانی قـالاوەو... کە زەوی‌و پێشینەی خانویان پێببات.

منیش ئەو ڕۆژنامەیەم دایە هاوڵاتییەکەی دانیشتوی شوقەکانی قـالاوە، وتم ئەوەتا بەڵێنەکەیان بـــلاّوکـــردووەتـــەوە، هاوڵاتییەکە ڕۆژنامەکەی لێوەرگرتنم، بەڵام وتی بەخوا باوەڕم بە بەڵێنەکانیان نییە.

ئـــەوەی باسمکرد تەنها وەك نموونەیەکەو کاریگەربیە سلبییەکەی تەنها لەسەر دانیشوانی ئەو شوقانە نییە، بەڵکو ئەو حاڵەتە کاردەکاتەسەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، وەك نموونەیەکی سلبی دەبێت لەسەر ئاستی متمانەی خەڵکی بە بەرپرسانی یەکێتی، بێگومان چەندین بەڵێنی دیکەی لـەوجـۆرەش هەیە ئەگەر بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

٢- یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی شکستی یەکێتی لە سلێمانیدا، جیاوازی نێوان تۆڕەی جیاجیاکانی سلێمانییە، کە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر لاوازبوونی متمانەی خەڵك بە یەکێتی‌و بەرپرسانی ئەو حیزبە.

بۆ نموونە، خەڵك دەبینێت کۆمەڵێك بـەرپـرس سەرقاڵی رازاندنەوەی گردو قێلاو عیمارەو کۆمپانیا بازرگانییەکانیانن، لەوڵاشەوە خەڵك لە خانوی و کرێو قورسی ژیاندا گیرۆدەن، تەنانەت دەبینن ئەم جیاوازییە چووتە قیامەتیشەوەو، لەنێوشەهیدەکانیشدا جیاکاری کراوە، دەبینن «واریسی شەهیدانی سەرکردە» نازدارترن‌و ئیمتیازی باشتریان پێ دەدرێت لە شەهیدانی ناسەرکردە؟!

٣- هـــۆکـــارێـــکـــی دیکە پشتگوێخستنی هاوڵاتیان‌و دابڕانی خەڵکی شاری سلێمانییە لە بەرپرسانی یەکێتی. خەڵکی ناتوانن بە ئاسانی بەرپرسانی یەکێتی لەسلێمانی ببینن، کاتێك هاوڵاتی دەیەوێت یەکێکیان ببینێت، بـەردەسـت‌و سکرتێری بەرپرسەکان بە بیانوی جیاجیا خەڵکەکە بەڕێدەکەن، دەمێك دەڵێن جەنابی بەرپرس سەرقاڵە، دەمێك دەڵێن داواکاری‌و کێشەکەت بنوسەو ژمارە تەلەفۆنەکەتی لەسەر بنوسە، خۆمان دەیدەینە دەستی‌و تەلەفۆنت بۆ دەکەینەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان چـاوەڕوانـی تەلەفۆنی سکرتێری بەرپرسەکانن، لەبارەی ئەو داواو کێشانەی کە لەمەوبەر ڕادەستی سکرتێرەکان کراوە.

لەبەرئەوەی خەڵکی بەزەحمەت دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەرپرسەکان ببینێت، بۆیە پەنادەبەنەبەر ڕۆژنامەکان‌و لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە داواو سکاڵای خۆیان دەنوسن، بـەڵام ئـەوەش بێسوودە، لەچەند ڕۆژنامەنوسێکم پرسی کە لەلاپەڕەی سکاڵای هاوڵاتیان لە ڕۆژنامەکانیان کاردەکەن، ئایا بەرپرسان هیچ وەڵام‌و کۆمێنتێکیان هەیە بۆ داواو سکاڵای هاوڵاتیان، وتیان بەدەگمەن!

پێموایە گۆڕینی هەموو سکرتێرو ئەو دەموچاوانەی کە کۆنتاکتیان لەگەڵ خەڵکی هەیە، پێداچوونەوەیەکی باشە بەکارەکانی یەکێتیدا لە سلێمانی، چونکە ئەو کەسانە خاڵی کۆنتاکتی نێوان بەرپرس‌و خەڵکن‌و بەشێك لە بەرپرسیارێتی شکستی یەکێتی لە سلێمانی ئەستۆی ئەوانە.

بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە دەیانەوێت پەند وەربگرن لە یەکێتی‌و ئەو شکستەیان بەسەر نەیت، دەبێت ڕەچـاوی ئەوەبکەن کە کرداریان زیاتر بێت لە بەڵێنیان، جیاوازی درستنەکەن لەنێوان خۆیان‌و تۆڕە جیاجیاکان. پشت لەداواى خەڵکی نەکەن‌و سکرتێری خراپ‌و ئیهمال نەکەنە خاڵی کۆنتاکتی نێوان خۆیان‌و خەڵکی.

hadi.ameen@gmail.com